# گرفتی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە*

*پیتەر بێرگەر و تۆماس لوکمان*

*و: موسلح ئیروانی*

## وتەی وەرگێر

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵناسی لە هەرێمی کوردستان، ڕۆچوون بەناو لقە زانستییەکانیدا پێویستە. دەڵێم بڵاوبوونەوە نەك گەشەکردن، چونکە واقعی کۆمەڵناسی (بە بەش و قوتابیە زۆر و زەوەندەکانی و هەموو ئەوانەی کە نازانم بە پاساوی چی حەزیان لەم لقە زانستییە هەیە) لەناو چەندایەتییەکی بێتامدا ون بووە و چۆنایەتیی خۆی فەرامۆشکردووە.

ئەم وتارە پێشەکیی کتێبێکی ژێدەرە لە بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە کە تا ئێستا وەك سەرچاوەی یاریدەدەر لەو بوارەدا لە زانکۆکانی دونیادا کەڵکی لێوەردەگیرێت.

خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم نووسراوە ماندوو دەبێت، بەتایبەت ئەگەر زۆر ئاشنای زمانی ئاراستەی فەلسەفیی ناو سۆسۆلۆژیا نەبێت. بۆیە ئەگەر زۆر لێی تێنەگەیشتن وا هەست نەکەن کەموکوڕی بۆ هەڵەی چاپ دەگەڕێتەوە، هەروەها بێ ئومێدیش نەبن لەوەی کە بە زمانی سۆسیۆلۆژیا ئاشنا نین؛ باڵیان بە ئەستۆی سروشتی نووسراوەکە بێت.

ئەم دەقە سەرەتا لە وەرگێڕدراوە فارسییەکەوە کراوەتە کوردی، بەڵام دوای وەدەستخستنی دەقە ئینگلیزییەکەی و پێداچوونەوەی، بەوردی لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکەی بەراوردکراوە، تا ئەو ڕادەیەی بە وەرگێڕدراو لە زمانی ئینگلیزی دادەنرێت. ناو و ناونیشانی سەرچاوەکانیش لە کۆتایی ئەم وتارەدا هاتوون.

## پێشەکی

ئەو باسە سەرەکیانەی لەم کتێبەدا مشتومڕیان لەسەر کراوە لە ناونیشانی سەرەکی و لاوەکیی کتێبەکەدا خۆیان حەشارداوە، بەو واتایەی کە واقیع دروستکراوی کۆمەڵگایە و سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پێویستە ئەو پرۆسەیە شیبکاتەوە کە ئەمە تێیدا ڕوودەدات. زاراوە سەرەکییەکانی ناو ئەم باسانە بریتین لە "واقیع" reality و "مەعریفە" Knowledge، زاراوەگەلێك کە نەك هەر لە قسەی ڕۆژانەدا باون بەڵکو مێژوویەکی دوور و درێژیان لەناو پرسی فەلسەفیدا هەیە. لێرەدا بە پێویستی نازانین دەمەتەقێ لەسەر ئاڵۆزییە واتاسازییەکانی

* ئەم باسە پێشەکیی کتێبێکە کە سەرچاوە فارسییەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

پتر ل. برگر/ توماس لوکمان، ساخت اجتماعی واقعیت (رسالەای در جامعەشناسی شناخت)، ترجمە فریبرز مجیدی، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ اول، تهران ١٣٧٥، ص ٧-٢٩.

دەقە ڕەسەنەکەشی ئەمەی خوارەوەیە:

Peter L. Berger and Thomas Luckmann (1967) The Social Construction of Reality: A Treatise in the Sociology of Knowledge, Anchor Books, pp. 1-18.

[1] چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٦٧ نووسراوە.

تایبەت بە بەکارهێنانی رۆژانە و فەلسەفیانەی ئەم زاراوانە بکەین. بۆ مەبەستی ئێمە ئەوەندە بەسە "واقیع" وا پێناسە بکەین کە سیفەتێکی تایبەت بەو دیاردانەیە کە بە خاوەن بوونێکی سەربەخۆ لە ویستی خۆمانیان دەزانین (کە ناتوانین "وەلایان بنێین")، و "مەعریفە" بەوە پێناسە بکەین کە بریتییە لە دڵنیابوون لەوەی کە دیاردەکان واقیعین و خەسڵەتی تایبەتی خۆیان هەیە. لەم واتا (بێ شك سادەیە)دا ئەم زاراوانە هەم پەیوەندیان بە مرۆڤی سەرشەقام و هەم بە فەیلەسووفەوە هەیە. مرۆڤی سەرشەقام لەو دونیایەدا نیشتەجێیە کە بۆ ئەو، هەرچەند بە پلەی جیاواز، "واقیعی"یە، بە پلەیەکی جیاوازی یەقین، "دەزانێت" کە ئەم دونیایە فلان و فیسار خەسڵەتی هەیە. بێگومان فەیلەسووف چەند پرسیارێك لەبارەی پێگەی کۆتایی هەردووکیان، واتە ئەم "واقیع" و "مەعریفە"یە، دەخاتەڕوو. واقیعی چییە؟ کەسێك چۆن دەزانێت؟ ئەمانە کۆنترین پرسیارن کە نەك تەنیا بەندن بە پرسە فەلسەفییەکانەوە بە واتای تایبەتی بەڵکو بەندن بە هزری مرۆییەوە بە واتا گشتییەکەی. تەواو لەبەر ئەو هۆیەیە کە دەخاڵەتکردنی کۆمەڵناس بەبێ پرس بۆ ئەم ناوچە فکرییە پیرۆزە لەوانەیە خەڵکی سەرشەقام بحەپەسێنێ و تەنانەت بە ئەگەرێکی زۆرەوە فەیلەسووف تووڕە دەکات. کەواتە، پێویستە هەر لە سەرەتاوە ئەو مانایە روونبکەینەوە کە ئێمە بۆچی ئەم زاراوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵناسیدا بەکاردێنین، و هەر جۆرە بانگەشەیەك کە دەڵێ کۆمەڵناسی وەڵامی خۆی هەیە بۆ ئەم سەرقاڵییە فەلسەفییە کۆنانە، یەکسەر رەتبکەینەوە.

ئەگەر بمانویستایە لەو مشتومڕانە وردبینەوە کە لێرە بە دواوە دێن، هەر جارەی ئەم دوو زاراوەی پێشوومان بەکاربردایە ئەوا دەمانخستنە ناو جووت کەوانەی بچووکەوە (" "). بەڵام ئەم کارە لە ڕووی شێوەی نووسینەوە نەگونجاوە. بەهەر حاڵ قسەکردن لەمەڕ نیشانەی کەوانەی بچووك لەوانەیە ئاماژەمان پێبدات لەبارەی شێوەی تایبەتی دەرکەوتنی ئەم زاراوانە لە چوارچێوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەدا. دەتوانین بڵێین تێگەیشتنی سۆسیۆلۆژیانە بۆ "واقیع" و "مەعریفە" دەکەوێتە نێوان تێگەیشتنی پیاوی سەرشەقام و فەیلەسووفەوە. وەك باوە پیاوی سەرشەقام بەدوای ئەوەدا کە چی بەلایەوە "واقیعی"یە یان لەبارەی ئەوەی کە "دەزانێت" زۆر خۆی ماندوو ناکات، مەگەر رووبەڕووی جۆرە گرفتێك ببێتەوە. ئەو، "واقیع" و "مەعریفە"ی خۆی بە شتێکی بەڵگەنەویست لەقەڵەم دەدات. کۆمەڵناس ناتوانێت وا بکات، بەهۆی ئەو ئاگادارییە رێکوپێکەی هەیەتی لەبارەی ئەو راستییەی کە مرۆڤەکانی سەرشەقام لە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکاندا "واقیعگەلێك"ی تەواو جیاواز بە شتگەلێکی بەڵگەنەویست لەقەڵەم دەدەن. کۆمەڵناس، بە حوکمی لۆژیکی راستەقینەی بەشە زانستییەکەی، ناچارە ئەگەر هیچی دیکە نەبێت، لانی کەم ئەم پرسیارە بکات کە ئایا ناتوانین لە جیاوازیی نێوان دوو "واقیع" تێبگەین ئەگەر بۆ جیاوازییە جیاجیاکانی نێوان دوو کۆمەڵگا بگەڕێینەوە. لەلایەکی ترەوە، فەیلەسووف لە ڕووی پیشەوە ناچارە هیچ شتێك بە بەڵگەنەویست دانەنێت، و لەبارەی رەوشی کۆتایی ئەوی پیاوی

سەرشەقام بە "واقیع" و "مەعریفە"ی دەزانێت بە بەرزترین پلەی روون و ئاشکرایی بگات. بە دەستەواژەیەکی تر، فەیلەسووف وای لێ دێ بڕیار بدات لە کوێ دەشێ نیشانەی کەوانە دابنرێ و لە کوێش بەدڵنیاییەوە دەشێ لابرێ، واتە جیاوازی دابنێ لە نێوان گوتە دروست و نادروستەکان لەبارەی جیهانەوە. لەوانەیە کۆمەڵناس نەتوانێ ئەم کارە بکات. ئەو لە رووی لۆژیکییەوە، ئەگەر لە رووی شێوازی نووسینیشەوە نەبێ، ناچارە نیشانەی کەوانە دابنێ.

بۆ نموونە، لەوانەیە مرۆڤی سەرشەقام بڕوای وابێ کە خاوەنی "ئازادیی ئیرادە"یە هەیە و بۆیە "بەرپرسی" کارەکانی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا ئەم "ئازادی" و "بەرپرسیارێتی"یە لە کۆرپەلە و شێتەکان دەستێنێتەوە. بەڵام فەیلەسووف، بە هەر میتۆدێك بێت، لە پێگەی بووناسانە ontological و ئەپستۆلۆژیانەی epistemological ئەم چەمکانە دەپرسێت. *ئایا مرۆڤ ئازادە؟ بەرپرسیارێتی چییە؟ سنوورەکانی بەرپرسیارێتی تا کوێن؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت ئەو شتانە بناسێت؟* و بەم شێوەیە. پێویست ناکا بڵێین کۆمەڵناس لە هەلومەرجێکدا نییە بتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ئەوەی ئەو دەتوانێت و پێویستە بیکات، بەهەر حاڵ، پرسیارکردنە دەربارەی ئەوەی ئاخۆ چۆن چەمکی "ئازادی" لە کۆمەڵگایەکدا بۆتە شتێکی بەڵگەنەویست و لە کۆمەڵگایەکی تردا وا نییە؛ چۆن "واقیع"ی ئازادی لە کۆمەڵگایەکدا دەمێنێتەوە و پارێزراو دەبێ و تەنانەت زیاتر بایەخی پێدەدرێ، چۆن دەشێ ئەم "واقیع"ە جارێکی تر لەلای کەسێکەوە یان لای تەواوی کۆمەڵێکەوە پشتگوێ بخرێ.

لەو ڕووەوە، بایەخدانی سۆسیۆلۆژیانە بە پرسیارگەلێکی تایبەت بە "واقیع" و "مەعریفە" لەبنەڕەتدا بەهۆی حەقیقەتی ڕێژەییبوونی کۆمەڵایەتیانەیەوە پاساوداراوە. ئەوەی بەڕای راهیبێکی تبتی "واقیعی"یە لەوانەیە بەڕای بزنزمانێکی ئەمریکایی "واقیعی" نەبێ. "مەعریفە"ی تاوانبار جیاوازە لە "مەعریفە"ی تاوانناس. دەرەنجام دابەشبوونە تایبەتەکانی "واقیع" و "مەعریفە" پەیوەندی بە پێکهاتە و چوارچێوە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانەوە هەیە و کاتێ شیکردنەوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەی گونجاوی ئەم چوارچێوانە دەکرێ پێویستە ئەم پەیوەندیانە لەبەرچاو بگرین. لەو ڕووەوە بەهۆی ئەو جیاوازیانەی لەنێوان کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا هەیە لەبارەی ئەوەی بە "مەعریفە" دادەنرێ پێویستمان بە "سۆسیۆلۆژیایەکی مەعریفە" هەیە. بەڵام، سەرەڕای ئەوە، ئەو بەشە زانستییە (دیسپلینە)ی خۆی بەم ناوەوە ناو دەبات پێویستە بایەخ بەو ڕێگا گشتیانە بدات کە لە ڕێگەیانەوە "واقیعەکان" لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بە "شتی ناسراو" دادەنرێن. بە گوتەیەکی تر، "سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" نەك تەنیا خۆی بە هەمەجۆریی ئەزموونییانەی مەعریفە لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا خەریك بکات بەڵکو بەو پرۆسانەش کە بەهۆیانەوە هەر جۆرە مەعریفەیەك لە رووی کۆمەڵایەتییەوە وەك "واقیع" دادەمەزرێ.

کەواتە مشتومڕی ئێمە ئەوەیە کە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبێ بایەخ بدات بە هەر شتێ کە لە

کۆمەڵگادا بە "مەعریفە" دادەنرێ، بەچاوپۆشی لە ڕاستی و ناڕاستی"مەعریفە"یەکی وەها (بە هەر پێوەرێك بێ). لەبەر ئەوەی هەموو "مەعریفە"ی مرۆیی لە پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەشەدەکات، دەگوازرێتەوە و دەمێنێتەوە، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبێ هەوڵی تێگەیشتن لەو پرۆسانە بدات کە بەهۆیانەوە ئەم شتە بەشێوەیەك ڕوودەدات کە "واقیع"ێکی بەڵگەنەویست بۆ مرۆڤی سەرشەقام دەبێتە شتێکی بەستەڵەك و نەگۆڕ. بەدەربڕینێکی تر، ئێمە پێمان وایە *سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پەیوەندیی بە شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی واقیع هەیە.*

ئەم تێگەیشتنەی بواری ڕاستەقینەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە جیاوازە لەو بۆچوونەی نزیکەی چل(١) ساڵ پێش، کە بۆ یەکەم جار ئەم ناوەی لێ نرا، بۆ ئەم لقە زانستییە هەبوو. بۆیە، بەر لەوەی دەست بە باسی ئێستاکێمان بکەین، وا باشە سەرنجێکی کورتی ڕەوتی پەرەسەندنی پێشووی ئەم لقە زانستییە بدەین و ڕوونی بکەینەوە کە بە چ شێوەیەك، و بۆچی، ئێمە بە پێویستمان زانیوە لە بۆچوونی پێشوو لابدەین.

زاراوەی "سۆسیۆلۆژیای مەعریفە"(٢) لەلایەن ماکس شیلەر(٣)ەوە داهێنرا[١]. کات دەیەی ١٩٢٠، شوێن ئەڵمانیا، و شیلەر فەیلەسوف بوو. ئەم سێ واقیعە بۆ تێگەیشتن لە دروستبوون و پەرەسەندنی زیاتری ئەم لقە زانستییە تازەیە بایەخێکی زۆریان هەیە. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژووی فیکریی ئەڵمانیا و لە بوارێکی فەلسەفیدا سەریهەڵدا. وەك بڵێی ئەم لقە زانستییە تازەیە دواتر، بەتایبەت لە دونیای ئینگلیزی زماندا، لە بوارێکی سۆسیۆلۆژیای گونجاودا دەستپێکرد، هەمیشە نیشانەگەلی گرفتەکانی ئەو هەلومەرجە فیکرییە تایبەتەی پێوەیە کە تیایدا سەری هەڵداوە. لە ئەنجامدا، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە نێوان گشت ئەو سۆسیۆلۆژیانەی بەشدار نەبوون لەو گرفتانەی کە بیرمەندانی ئەڵمانیی لە دەیەی ١٩٢٠دا ئازار دەدا، هەر وەك بایەخپێدانێکی لاوەکی مایەوە. ئەم شتە بەتایبەت لەبارەی کۆمەڵناسانی ئەمریکاییەوە ڕاستە، کە زۆربەیان ئەم لقە زانستییەیان بە پسپۆڕییەکی لاوەکی خاوەن بۆن و بەرامێکی بەردەوام ئەورووپیانە لەقەڵەم دەدا. بەڵام، لەوە گرنگتر، پەیوەندیی بەردەوامی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە گرفتە بنەڕەتییەکانیەوە —تەنانەت لەو حاڵەتەش کە بایەخێکی ئەوتۆ بەم لقە زانستییە نادرێ- بە کەموکووڕییەکی تیۆری دادەنرا. بۆ زانین، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە لایەن لایەنگرانییەوە و کەم تا زۆر لە لای کۆمەڵناسانی بێ لایەن بەگشتی، بە جۆرە ڕوونکردنەوەیەکی کۆمەڵناسی لەبارەی مێژووی بیروڕاکان لەقەڵەم دراوە. ئەم شتە بۆتە هۆی کورتبینییەکی بەرچاو لەمەڕ گرنگیی تیۆریی باوی ناو سۆسیۆلۆژیای مەعریفە.

لەبارەی سروشت و بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە چەندین پێناسەی جۆراوجۆر هەن. لەڕاستیدا، دەتوانین بڵێین مێژووی ئەم لقە زانستییە لاوەکییە تا ئەم کاتە مێژووی پێناسە جیاجیاکانی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێککەوتنێکی گشتی لەو بارەوە هەیە کە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە پەیوەندیی نێوان هزری مرۆڤ و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە دەکۆڵێتەوە کە

ئەم هزرە تیایدا سەرهەڵدەدات. کەواتە، لەوانەیە بتوانین بڵێین سۆسیۆلۆژیای مەعریفە مەرکەزی سۆسیۆلۆژیانەی کێشەیەکی زۆر گشتیترە، واتە کێشەی حەتمییەتی وجودیی(٤) هزر بەشێوەیەکی گشتی. هەر چەند لێرەدا جەخت لەسەر هۆکاری کۆمەڵایەتی دەکرێ، ئاڵۆزییە تیۆرییەکان وەکو ئەو ئاڵۆزیانەن کاتێك سەریانهەڵداوە کە گشت هۆکارەکانی تر (وەکو هۆکاری مێژوویی، سایکۆلۆژی، یان بایۆلۆژی) وەکو هۆکاری دەستنیشانکەرانەی هزری مرۆڤ خراونەتەڕوو. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا، گرفتی گشتی ئەوە بووە کە هزر تا چەند ئەو هۆکارە دەستنیشانکەرانە رەنگ پێدەداتەوە یان تا چەند سەربەستە لەو هۆکارانە.

وێدەچێ گرنگیی ئەم گرفتە گشتییە لە فەلسەفەی ئەو دواییانەی ئەڵمانیادا سەرچاوەکەی بۆ ئەو کۆمەڵە زانیارییە مێژووییە کەڵەکەبووە بگەڕێتەوە کە یەکێك بوو لە گەورەترین بەرهەمە فیکرییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا. لەو قۆناغەدا، تا ڕادەیەك بەپێچەوانەی هەر قۆناغێکی تری مێژووی فیکر، ڕابردوو —سەرەڕای گشت هەمەجۆرەییە سەرسوڕهێنەرەکانی فۆرمەکانی هزرەکەی- لە میانی ئەو هەوڵانەی لە زانیاریی مێژوویی زانستیانە ئەنجام درابوون لە بەردەم فکری هاوسەردەمەکاندا "بووە ئێستا". زەحمەتە بتوانین بەرەنگاری ئەو بانگەشەیە ببینەوە کە توێژینەوەی زانستیی زانایانی ئەڵمانی پێگەیەکی سەرەکیان لە ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیەدا هەیە. لە ئاکامدا، نابێ تووشی موفاجەئە بین لەوەی ئەو گرفتە تیۆرییەی لە لایەن ئەم توێژینەوانە هاتە کایەوە زیاتر لە ئەڵمانیادا نەوەك هەر شوێنێکی تر دەرك کرابێ. دەتوانین ئەم گرفتە ناو بنێین سەر دەگێڕەوە هاتنی نسبییەت. ڕەهەندی ئەپستمەلۆژیانەی گرفتەکە ئاشکرایە. لە ئاستی ئەزموونگەریدا، کێشەکە گەیشتە ئەوەی کە بە پێی توانا بە جیدییەوە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی کۆنکرێتیی نێوان فکر و شوێنگە مێژووییەکانی بدرێ. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە راست بێ، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە باسی ئەو گرفتە دەکات کە لە بنەڕەتدا لە ڕێی زانیاریی مێژووییەوە خرابووە ڕوو- هەڵبەت لە ناوەندێکی بەرتەسکدا، بەڵام لەگەڵ بایەخدان لە بنەڕەتدا بە گرفتگەڵکی لێکچوو[٢].

نە کێشەی گشتی و نە ناوەندە بەرتەسکەکەی، هیچ یەکیان، نوێ نەبوون. دەتوانین لەسەردەمی کۆنیشدا هوشیاری لەمەڕ سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی بەها و جیهانبینییەکان بدۆزینەوە. لانی کەم لە کاتێکی دووری وەکو سەردەمی ڕۆشنگەریدا، ئەم هوشیارییە لە ناوەرۆکی سەرەکیی بیری نوێی ڕۆژئاوادا گەڵاڵەبوو. کەواتە دەشێ کەیسی گونجاو بۆ ژمارەیەك لە "جینالۆژییەکان" لەمەڕ گرفتی سەرەکیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ئەنجام بدرێ[٣]. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەم گرفتە لەناو قسەی ناوداری پاسکال Pascalدا هەیە کە دەڵێ "ئەوەی لە لایەکی کێوەکانی پیرێنیس (Pyrenees) راستییە لە لایەکەی تری هەڵەیە"[٤]. لەگەڵ ئەوەشدا پێشینە فیکرییە ڕاستەوخۆکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە سێ پەرەسەندن بوون لە فکری سەدەی نۆزدەی ئەڵمانیادا —مارکسیەت Marxian، نیچەیی Nietzchean، و مێژووگەرێتی historicism.

بەهۆی بوونی مارکسەوە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پێشنیاری سەرەکیی خۆی بەرهەمهێنا -کە دەڵێ بوونی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ دستنیشانی هوشیارییەکەی دەکات-[٥]. بێگومان مشتومڕێکی فراوان لەسەر ئەو خاڵە دروست بووە کە ئایا مارکس چ جۆرە حەتمییەت یان دەستنیشانکەرییێکی لە هزردا بووە. بێ ترس دەتوانن بڵێین بەشی هەرەگەورەی "خەبات دژی مارکس" کە نەك تەنیا یەکێك بوو لە سیماکانی سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەڵکو خەسڵەتی "سەردەمی کلاسیك"ی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی گشتی بوو (بەتایبەت وەك لە بەرهەمەکانی ڤیبەر M. Weber، دورکهایم Durkheim و پارێتۆ Pareto دەرکەوتووە)، لە ڕاستیدا خەباتی مارکسییەکانی سەردەمی دوایی بوو بە لێکدانەوە و تەفسیرێکی هەڵەوە لەسەر مارکس. ئەم پێشنیارە ئەو کاتە لە ڕواڵەتدا دەردەکەوێ کە بیهێنینەوە بیرمان کە تەنیا لە ساڵی ١٩٣٢ بوو کە کتێبی زۆر گرنگی *Economic and Philosophical Manuscripts of 1844* ("دەستنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی ١٨٤٤") سەرلەنوێ دۆزرایەوە و تەنیا دوای شەڕی جیهانیی دووەم دەتوانرا گشت چەمکە شاراوەکانی ئەم دۆزینەوە تازەیە لە توێژینەوەی مارکسدا بەکاربهێنرێت. لەم هەلومەرجەدا، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە نەك تەنیا وردترین فۆرمولبەندیی گرفتە سەرەکییەی بەڵکو هەندێ لە چەمکە سەرەکییەکانیشی لە مارکسەوە بە میرات بۆ مایەوە، کە لە نێوانیاندا دەبێ ئاماژە بە چەمکی "ئایدیۆلۆژی" (بیروباوەڕگەلێك کە وەك چەکێك لە پێناوی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن) و "هوشیاریی درۆزنانە" (هزرێ کە لە بوونی کۆمەڵایەتیی واقیعیی بیرکەرەوە نامۆ بووە) بکەین.

سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە شێوەیەکی تایبەت مەفتوونی چەمکی دووانەی "ژێرخان / سەرخان"[٥]ی مارکس بووە. لەو بارە تایبەتەوە مشتومڕی توند لەسەر لێکدانەوەی دروستی بیری مارکس کراوە. مارکسیزمی قۆناغی دواتر ویستوویەتی "ژێرخان" *بە کورتی* بە بونیادی ئابووری پێناسە بکات، بەشێوەیەك کە "سەرخان" تەنیا بە "ڕەنگدانەوە"ی ڕاستەوخۆی ئەو بونیادە دادەنرا (بۆ نموونە، لینین بۆچوونی وا بوو). ئێستا تەواو ڕوونبۆتەوە کە ئەمە بەهەڵە تێگەیشتنە لە هزری مارکس، چونکە لە جیاتی ئەوەی گریمانی خەسڵەتی دیالێکتیکیی ئەم جۆرە حەتمییەتە ئابوورییە بکات جەوهەری میکانیزمیانەی[٦] دەردەخات. ئەوەی مارکس بایەخی پێدەدا ئەوە بوو کە هزری مرۆڤ لەسەر چالاکیی مرۆیی ("کار" لە بەرفراوانترین واتای وشەکەدا) و لەسەر بنەمای ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی لەو چالاکییەوە سەرهەڵدەدەن دامەزراوە. ئەو کاتە دەتوانین بە باشترین شێوە لە واتای "ژێرخان" و "سەرخان" تێبگەین کە مرۆڤ ئەوانە، یەك لە دوای یەك، بە چالاکیی مرۆیی و ئەو دونیایەی لێیەوە دروست دەبێ، لەقەڵەم بدات[٦]. بە هەر شێوەیەك بێ، پرۆژەی بنەڕەتیی "ژێرخان / سەرخان" بە شێوەی جۆراوجۆر لە لایەن سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە تاووتوێکراوە؛ ئەم باسە لەلایەن شیلەرەوە دەستی

پێکرد، و هەمیشە لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا بووە کە پەیوەندییەك لە نێوان هزر و واقیعێکی "شاراوە"دا جگە لە هزر هەیە. سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گەورەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە ئاشکرا لە دژی مارکسیزم دارێژراوە و هەڵوێستی جۆراوجۆر لەبارەی جەوهەری پەیوەندیی نێوان هەر دوو بەشی پێکهێنەری پرۆژەکە وەرگیراوە، بەڵام پرۆژەکە هەر فرێودەرانەیە.

بیروڕای نیچەیی بە ئاشکراییەکی کەمتر لەناو سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا بەردەوام بوو، بەڵام پیوەندییەکی زۆری هەیە لەگەڵ چوارچێوە فیکرییە گشتییەکەی و ئەو "میزاجەی" کە ئەم زانستەی لەسەر دامەزاوە. دژە ئایدیالیزمی نیچە -ئەگەر چی لەڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازە لە دژە ئایدیالیزمی مارکس، بەڵام لەڕووی روخسارەوە لەو دەچێ- بۆچوونی دیکەی خستە سەر هزری مرۆڤ وەك ئامرازێکی خەبات لەپێناوی مانەوە و هێزدا[٧]. نیچە لە ڕێی شیکردنەوەکانی لەمەڕ گرنگیی کۆمەڵایەتیانەی بەهەڵەدابردن و خۆبەهەڵەدابردن، و لەمەڕ وەهم وەك مەرجێکی پێویستی ژیان، تیۆری خۆی لەبارەی "هوشیاریی درۆزنانە" گەشەپێدا. چەمکی نیچە بۆ "تووڕەبوون یان وەڕسبوون"[٧] وەك هۆکارێکی بەرهەمێنەری چەندین جۆری تایبەتی هزری مرۆیی ڕاستەوخۆ گوازرایەوە بۆ شیلەر. زۆر بەگشتی، دەتوانین بڵێین سۆسیۆلۆژیای مەعریفە نوێنەرایەتی بەکارهێنانی تایبەتی شتێك دەکات کە نیچە بە شێوەیەکی گونجاو ناوی دەنێت "هونەری بەدگومانی".[٨]

مێژووگەرێتی، بەتایبەت وەك لە بەرهەمەکانی *ویلهێلم دیلتای* گوزارشتی لێ کراوە، بە سەرەتای ڕاستەوخۆی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دادەنرێ[٩]. ناوەرۆکی باو لێرەدا بریتی بوو لە تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی ڕێژەییبوونی گشت بۆچوونێك سەبارەت بە ڕووداوە مرۆییەکان، واتە چەمکی مێژووییبوون historicityی حەتمیی هزری مرۆیی. ئەم پێداگرتنە مێژووگەرێتیانەی کە دەڵێ هیچ هەلومەرجێکی مێژوویی بەبێ لەبەرچاوگرتنی خودی هەلومەرجە مێژووییەکە ناکرێ دەرك بکرێ، دەشێ بە ئاسانی وەربگێڕدرێ بۆ داکۆکیکردن لەسەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی فیکر. هەندێ چەمکی مێژووگەرێتیانە، وەکو "حەتمییەتی هەلومەرج یان بارودۆخ" و "بناغە و ڕێسای ژیان"، دەشێ ڕاستەوخۆ بەوە گوزارشتیان لێ بکەین کە ئاماژە بە "پێگەی کۆمەڵایەتی" فیکر دەکەن. بە دەربڕینێکی گشتیتر، میراتی مێژوویی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە وای کرد ئەم لقە زانستییە بایەخێکی زۆر بە مێژوو بدات و میتۆدێکی تەواو مێژوویی بەکار بهێنێت — واقیعێك کە بووە هۆی ئەوەی لە ژینگەی سۆسیۆلۆژیای ئەمریکیدا پەراوێز بخرێ.

بایەخدانی شیلەر بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، و کێشە سۆسیۆلۆژیایەکانی بەگشتی، ڕووداوێکی تێپەڕ بوو لە ژیانی فەلسەفی ئەودا.[١٠] ئامانجی کۆتایی ئەو، دامەزراندنی مرۆڤناسیی فەلسەفی بوو کە سنووری ڕێژەییبوونی ئەو بۆچوونانە ببەزێنێ کە هەلومەرجی مێژوویی-کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە وەك ئامرازێك خزمەتی بەم ئامانجە دەکرد، و مەبەستی سەرەکیی ئەوە بوو ئەو

ئاستەنگ و سەختیانەی رێژەبڕوایی (النسبیة) دایهێناوە لەسەر ڕێ لابەرێت تا کاری ڕاستەقینەی فەلسەفی ئەنجام بدرێ. سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی شیلەر، بە مانا ڕاستەقینەکەی، "خزمەتکاری فەلسەفە"، و ئەویش فەلسەفەیەکی تەواو تایبەت بوو.

تەریب لەگەڵ ئەم ئاراستەکردنە، سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی شیلەر لە بنەڕەتدا میتۆدێکی سلبییە. شیلەر پێی وابوو پەیوەندیی نێوان "هۆکاری ئایدیالی"(العوامل المثالیة) و "هۆکاری واقیعی"( العوامل الواقعیة) —زاراوەگەلێك کە بە ئاشکرا پرۆژەی "ژێرخان/ سەرخان"ی مارکسیمان بیردێننەوە- پەیوەندییەکی ڕێکخەرانەیە. واتە "هۆکاری واقیعی" بارودۆخێك ڕێکدەخات کە لە ژێر سێبەریدا "هۆکاری ئایدیالی" لە مێژوودا دەربکەوێ، بەڵام ناتوانێت کار بکاتە سەر ناوەرۆکی مێژوو. بە واژەیەکی تر، کۆمەڵگا ئامادەیی (حضور)[٨] بیروڕاکان دیاری دەکات، نەك جەوهەریان[٩]. لەبەر ئەوە، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە شێوەیەکی کارە کە بەهۆیەوە دەبێ هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتی-مێژوویی ناوەرۆکە تەسەوڕییەکان لێی بکۆڵدرێتەوە و وای بۆ دەچن کە ناوەرۆکەکان جیان لە هۆیەتیی کۆمەڵایەتی-مێژوویی و لەو ڕووەوە شیکردنەوە سۆسیۆلۆژیایەکان بە زەحمەت پێی دەگەن. ئەگەر کەسێ بیەوێ میتۆدی شیلەر وەك وێنەیەکی گرافیکی نیشان بدات پێویستە وێنەی بابۆڵەیەکی زۆر گەورە بکێشێ کە خستویەتییە بەر دەمی ئەژدیهای ڕێژەگەرییەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بچنە ناو قەڵای یەقینی بوونناسانەوە.

لەناو ئەم چوارچێوە هاوسەنگە مەبەستدار (و لێدەربازنەبوو)ـە، شیلەر بە تیروتەسەلی ئەوەی شیکردۆتەوە کە چۆن کۆمەڵگا مەعریفەی مرۆیی ڕێکدەخات. ئەو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کۆمەڵگا، وەك شتێك کە دەکەوێتە پێش ئەزموونی تاکەکەسییەوە، مەعریفەی مرۆیی دەستنیشان دەکات، و ڕێکخستنێکی واتای تایبەت بە خۆی بە ئەزموونی مرۆیی دەبەخشێ. ئەگەر چی ئەم ڕێکخستنە پەیوەندی بە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی تایبەتەوە هەیە، لە ڕوانگەی تاکەکەسەوە وەك شێوەیەکی سەیرکردنی سروشتی بۆ جیهان خۆی دەنوێنێ. شیلەر ناوی لەمە دەنا "جیهانبینیی ڕێژەیی-سروشتی" بۆ کۆمەڵگا — چەمکێ کە لەوانەیە ئێستاش بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە زۆر گرنگ و سەرەکی بێ.

دوای "داهێنان"ی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەلایەن شیلەر، مشتومڕێکی فراوان لە ئەڵمانیا سەبارەت بە سەلاحیەت، و بوار و بەکارهێنانەکانی ئەم لقە زانستییە نوێیە دروست بوو.[١١] لەو مشتومڕەوە فۆرمۆلە و شێوگێك (formulation) هاتە ئاراوە کە تیایدا گۆڕانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بۆ چوارچێوەیەکی سۆسیۆلۆژیی دیاریکراوتر دەردەخات. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەم شێوگ و داڕشتنەوە چووە ناو دونیای ئینگلیزی زمانەوە. ئەم چوارچێوانە مانهایم دایڕشتوون.[١٢] بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کاتێك کۆمەڵناسانی ئەمڕۆ بیر لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەکەنەوە، جا چ لاگری بن یا نەیار، بەزۆری بە گوێرەی شێوگ و فۆرمۆڵەکانی مانهایم ئەم کارە ئەنجام دەدەن. لە

سۆسیۆلۆژیای ئەمریکاییدا ئەو کاتە بە ئاسانی لە واتای ئەم قسەیە تێدەگەن کە سەیر بکەن لە ڕاستیدا گشت بەرهەمەکانی مانهایم بە زمانی ئینگلیزی لەبەردەست دان (لە ڕاستیدا هەندێ لەم بەرهەمانە دوای سەرهەڵدانی نازیزم لە ئەڵمانیا کە ئەو کات مانهایم لە بەریتانیا خەریکی وانەگوتنەوە بوو، بە زمانی ئینگلیزی نووسراون، یان بە پێداچوونەوە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدراون)، لەکاتێکدا بەرهەمەکانی شیلەر لەبارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە تا ئەو کاتە وەرنەگێڕدرابوون. جگە لە هۆکاری "بلاوبوونەوە"، بەرهەمەکانی مانهایم کەمتر لە بەرهەمەکانی شیلەر "باری" فەلسەفیان هەڵگرتووە. ئەم قسەیە، بەتایبەت بۆ نووسینەکانی دوایی مانهایم ڕاستە و ئەگەر نوسخەی ئینگلیزیی بەرهەمە گەورەکەی بەناوی *ئایدیۆلۆژیا و یۆتۆپیا*[10]، لەگەڵ نوسخە ئەڵمانییە سەرەکییەکەی بەراورد بکەین بە چاکی ئەمە بەرچاو دەکەوێ. بەم شێوەیە مانهایم بۆ کۆمەڵناسان، تەنانەت ئەوانەش کە ڕەخنەیان لێدەگرت یان بایەخیان بە میتۆد و ڕوانگەکەی نەدەدا، کەسایەتییەکی "گونجاو"تر بوو.

تێگەیشتنی مانهایم بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە زۆر دوورمەوداتر بوو لە تێگەیشتنی شیلەر، ئەمەش لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مارکس لە بەرهەمەکانی مانهایمدا ڕوونتر دەردەکەوت. لێرەدا کۆمەڵگا وەك هۆکارێك دادەنرا کە نەك تەنیا روخسار، بەڵکو ناوەرۆکی بۆچوونی مرۆییش، جگە لە بیرکاری و هەندێ بەشی زانستە سروشتییەکان، دەستنیشان دەکات. بەم شێوەیە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بووە میتۆدێکی پۆزێتیڤ (الوضعي) بۆ لێکۆڵینەوە لە نزیکەی هەر لایەنێکی هزری مرۆیی.

خاڵێکی گرنگ، ئەوە بوو کە مانهایم بایەخێکی گرنگی بە دیاردەی ئایدیۆلۆژیا دەدا. ئەو جیاوازیی لە نێوان واتای تایبەت (particular)، کۆگیر (total) و گشتیی (general) ئایدیۆلۆژیا دادەنا — ئایدیۆلۆژیا وەك شتێك کە تەنیا بەشێکی هزری نەیار پێکدێنێ؛ ئایدیۆلۆژیا وەك شتێك کە کۆی هزری نەیار پێکدێنێت (وەکو چەمکی "هوشیاریی درۆیین" لای مارکس)؛ و (لێرەدا، وەك مانهایم پێی وابوو چۆتە ئەودیوی مارکسەوە)؛ ئایدیۆلۆژیا وەك شتێك کە نەك تەنیا تایبەتمەندیی هزری نەیار بەڵکو تایبەتمەندیی هزری خودی کەسەکەش دەگرێتەوە. بە یارمەتیی چەمکی گشتیی ئایدیۆلۆژیا دەتوانین بە ئاستی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بگەین —واتە بەو تێگەیشتنەی کە هیچ هزرێکی مرۆیی (جگە لەو ڕیزپەڕانەی کە پێشتر باسمان کرد) لە کاریگەریی ئایدیۆلۆژیانەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی بەدەر نییە. مانهایم، لە ڕێی فراوانکردنی تیۆری ئایدیۆلۆژیاوە، هەوڵیدا کێشە سەرەکییەکەی لە چوارچێوەی بەکاربردنی سیاسیدا دابڕێ، و وەك کێشەیەکی سەرەکیی ئەپستمۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیای مێژوویی باس و خواسی لەسەر بکات.

ئەگەر چی مانهایم لە بەرزیخوازییەکانی بووناسییەکانی شیلەر بەشدار نەبوو، ئەویش بێزار بوو لە پان ئایدیۆلۆژیزم[11] کە هزری ئەوی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. ناوبراو زاراوەی پەیوەندیگەریتی (العلائقیە)[12] ی (لە بەرامبەر "ڕێژەبرواییی"[13] داهێنا بۆ ئەوەی ڕوانگەی ئەپستمۆلۆژیانەی

سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی خۆی پیشان بدات —واتە نەك خۆبەدەستەوەدانی هزر بە نسبییەتە کۆمەلایەتی-مێژووییەکان، بەڵکو داننانێکی جیدیی بەو خاڵەی کە مەعریفە هەمیشە دەبێ مەعریفەی شوێنگەیەکی دیاریکراو بێ. لەوانەیە کاریگەریی دیلتای لەسەر بیروڕاکانی مانهایم لەو بارەوە گرنگییەکی زۆری هەبێ- کێشەی مارکسیزم لە ڕێی کەرەستە مێژووگەرێتییەکانەوە چارەسەر دەکرێ. بەم پێیە، مانهایم بڕوای وابوو ئەگەر چی ناتوانین کاریگەرییە ئایدیۆلۆژییەکان تەواو ڕیشەکێش بکەین، بەڵام دەتوانین کەمی بکەینەوە ئەویش لەڕێی شیکردنەوەی سیستێماتیکانەی ئەو شوێنگە جۆراوجۆرانەی پشت بە بناغەگەلێکی کۆمەلایەتی دەبەستن. بە وتەیەکی تر، بابەتی هزر لە ڕێی ئەم کەڵەکەکردنەی ڕوانگە جۆراوجۆرەکان لەمەڕ ئەم بابەتە، بەردەوام ڕوونتر دەبێتەوە. ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبێ ئەمە بێ، و لەم ڕێیەوە ئەم لقە زانستییە دەبێتە یاریدەدەرێکی گرنگ لە ڕێی وەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی دروستی ڕووداوە مرۆییەکان.

مانهایم پێی وابوو گرووپە کۆمەلایەتییەکان لە ڕووی توانای تێپەڕاندنی شوێنگەی سنوورداری خۆیان جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە. ئەو زۆر ئومێدی بە "ڕۆشنبیرانی ناوابەستە لە ڕووی کۆمەلایەتی" (ئەم زاراوەیە لە *ئەلفرید ڤیبەر*ەوە وەرگیراوە) هەبوو، واتە جۆرە توێژێك لە نێوان چەند توێژێکی تردا کە پێی وابوو تا ڕادەیەك خۆی لە ئینتیما چینایەتییەکان رزگار کردووە. هەروەها مانهایم جەختی لەسەر هێزی فکری "یۆتۆپیایی"ش دەکردەوە. فکرێك کە (وەك ئایدیۆلۆژیا) وێنەیەکی شێواوی واقیعی کۆمەلایەتی بەرهەم دێنێ، بەڵام (بەپێچەوانەی ئایدیۆلۆژیا) دینامیکیەتێکی تێدایە کە وای لێدەکات واقیع بگۆڕێت بە گوێرەی ئەو وێنەیەی کە خۆی لەمەڕ واقیع هەیەتی.

شایانی باسە، ئەم تێبینیانە نە لەمەڕ چەمکی شیلەر و نە چەمکی مانهایم بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە هیچ شێوەیەك عادیلانە نەبوو. مەبەستیشمان لێرەدا ڕەچاوکردنی ئەمە نییە. ئێمە تەنیا هەندێ تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم دوو جۆرە بۆچوونانەمان نیشان داوە کە، یەك لە دوای یەك، بە بۆچوونی "میانڕۆ" و "توندڕۆ" بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ناونراون.[١٣] ئەوەی جێی سەنجە پەرەسەندنی دواتری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، تا ڕادەیەکی زۆر، ڕەخنە و ڕاستکراوەکانی ئەم دوو جۆرە بۆچوونە دەگرێتەوە. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، شێوگەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لای مانهایم بۆتە هۆی ئەوەی زاراوە مەعریفییەکانی ئەم لقە زانستییە بە شێوەیەکی بنەبڕ، بە تایبەت لە سۆسیۆلۆژیای دونیای ئینگلیزی زماندا، هەر لە شوێنی خۆیاندا بمێننەوە.

لەو کۆمەڵناسە ئەمریکیانەی کە بایەخێکی جیدیان بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە داوە ڕۆبێرت مێرتۆن (Robert Merton) بووە.[١٤] گەنگەشەکانی ئەو لەمەڕ ئەم لقە زانستییە، کە دوو بەشی کتێبە سەرەکییەکی دەگرێتەوە، وەك دەروازەیەکی سوودمەند بۆ ئەم لقە زانستییە لە لایەن ئەو کۆمەڵناسە ئەمریکیانەی کە بایەخیان بەم بوارە داوە، بەکارهێنراوە. مێرتۆن لە ڕێی

خستنەڕووی ناوەرۆکە سەرەکییەکانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە شێوەیەکی چڕ و بەیەکەوە بەستراو، نموونەیەکی باڵا (پارادایمێکی) ئەم لقە زانستییەی هێنایە دی. ئەم نموونەسازییە لەبەر ئەوە گرنگە چونکە دەیەوێ یان هەوڵدەدات ئاراستەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەگەڵ ئاراستەی تیۆری بونیادگەری — وەزیفی بکاتەوە بەیەك. چەمکەکانی مێرتۆن لە بارەی ئەرکە "ئاشکرا" و "شاراوە"کان لە بواری شیکردنەوەی بۆچوونەکاندا بەکار دەبرێن، واتە جیاکاری لەنێوان ئەرکی مەبەستدار و هوشیارانەی بیروباوەڕەکان و ئەرکی نامەبەستدار و ناهوشیارانە کراوە. لە کاتێکدا مێرتۆن جەختی لەسەر بەرهەمەکانی مانهایم دەکردەوە —کە بە ڕای ئەو زانایەکی پایەبەرزی بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بوو-، داکۆکی لەسەر گرنگیی قوتابخانەی دورکهایم و بەرهەمەکانی سۆرۆکین دەکرد. جێی سەرنجە مێرتۆن بە ڕواڵەت نەیدەتوانی پەی بە پەیوەندییەکانی هەندێ پێشکەوتنی گرنگ لە دەروونناسیی ئەمریکایی لەگەڵ سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا بەرێت —پێشکەوتنی وەك سەرهەڵدانی تیۆری گرووپە ژێدەرەکان (الجماعات المرجعیە)، کە لە بەشێکی جیای هەمان کتێبدا قسەی لەسەر دەکات.

تالکۆت پارسۆنزیش قسەی لەسەر سۆسیۆلۆژیای مەعریفە کردووە.[١٥] بەڵام ئەم قسە لەسەرکردنانە بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەخنەگرتنە لە مانهایم و نایەوێ ئەم لقە زانستییە لەناو سیستمی تیۆری خۆیدا بگونجێنێت. دواجار ئەوەی روونە، لە سیستمی تیۆریی پارسۆنزدا "کێشەی ڕۆڵی بیروڕاکان" بە درێژی شیکراوەتەوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی مەرجەعیی تەواو جیاواز لە چوارچێوەی مەرجەعیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی شیلەر و مانهایم.[١٦] کەواتە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین نە مێرتۆن و نە پارسۆنز بەهیچ شێوەیەك هەنگاوێك لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی مانهایم بەولاوەتر نەڕۆیشتوون. لە بارەی ڕەخنەگرەکانیشیانەوە ئەم قسەیە ڕاستە. بۆ نموونە سی. رایت میلز، کە ناودارترین ڕەخنەگرە لەو بارەوە، لە نووسینە سەرەتاییەکانیدا باسی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی وەسفی و بێ ئەوەی بەشدارییەکی پێشکەوتنی تیۆریی ئەم زانستە بکات.[١٧]

یەکێك لەو هەوڵە گرنگانەی دراوە بۆ گونجاندنی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لەگەڵ ڕێبازی "نیو پۆزێتیڤیست" لە کۆمەڵناسی بە مانا گشتییەکەی، هەوڵی *تیۆدۆر گەیگەر* (Theoder Geiger)ـە، کە دوای کۆچکردنی لە ئەڵمانیا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر سۆسیۆلۆژیای وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا هەبوو.[١٨] *گەیگەر* سەیری ئایدیۆلۆژیای بە واتایەکی سنووردارتر دەکرد وەك فکرێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شێوێنراو و بڕوای وابوو کە لە ڕێی لایەنگریی هوشیارانەی ڕێساکانی کاری زانستی دەتوانین بەسەر ئایدیۆلۆژیادا زاڵ بین. ڕوانگەی نیو پۆزێتیڤیست بۆ شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژیانە لە قۆناغێکی نوێتری سۆسیۆلۆژیای ئەڵمانی زماندا لە بەرهەمی *ئەرنست تۆپیچ*دا ئاماژەی بۆ کراوە کە جەخت لەسەر ڕەگوڕیشە ئایدیۆلۆژییەکانی هەلومەرجە فەلسەفییە جیاجیاکان دەکات.[١٩] لەبەر

ئەوەی بەشێکی گرنگی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بریتییە لە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیانەی ئایدیۆلۆژییەکان بەو شێوەیەی مانهایم پێناسەی کردووە، لە جەنگی دووەمی جیهانی بەم لاوە لە سۆسیۆلۆژیای ئەوروپایی و ئەمریکاییدا، بایەخێکی زۆریان پێدەدا.[٢٠]

لەوانەیە فراوانترین هەوڵی تێپەڕین لە مانهایم بۆ هێنانەدی سۆسیۆلۆژیایەکی مەعریفەی سەرتاپاگیر، هەوڵی *وارنەر شتارک* بێت، کە یەکێکی ترە لە زانایانی ئەوروپایی کۆچبەر، کە لە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا وانەی گوتۆتەوە.[٢١] *شتارک* لەسەر کێشەی ئایدیۆلۆژیا پێش هەموو کەس پشتی لە جەختکردنەوەی مانهایم کردووە. ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە [تەنیا] دەرخستن و ڕیسواکردنی ئەو شێواویانە نییە کە کۆمەڵگا دەینێتەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکوپێکی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی مەعریفەشە. بەدەربڕینێکی سادە، کێشەی سەرەکی بریتییە لە سۆسیۆلۆژیای ڕاستی، نەك سۆسیۆلۆژیای هەڵە. شتارك، سەرەڕای بۆچوونە جیاکراوەکەی، لەوانەیە لە ڕووی تێگەیشتنی بۆ پەیوەندیی نێوان بیروڕا و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر لە شیلەرەوە نزیك بێت نەك مانهایم.

دواتر، ئاشکرایە کە هەوڵمان نەداوە ڕوانگەیەکی مێژوویی پێویست بۆ مێژووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بخەینەڕوو. جگە لەوە، ئێمە تا ئێستا ڕەوتی ئەو پەرەسەندنانەمان پشتگوێ خستووە کە ڕەنگە لە ڕووی تیۆرییەوە پەیوەندیان بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە هەبووبێ، بەڵام لایەنگرانی بایەخیان پێنەدا بێ. بە گوتەیەکی تر، ئێمە تەنیا بەو پەرەسەندنانە خۆمان سنووردار کردووە کە، بۆ نموونە، لە ژێر چەتری "سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" ڕوویان داوە (بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تیۆری ئایدیۆلۆژیا بە بەشێکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دادەنرێ). ئەمەش ڕاستییەکی زۆر ڕوون کردۆتەوە. بە چاوپۆشی لە پیتەپێدانی ئەپستمۆلۆژیانەی هەندێ لە زانایانی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، سەرنجی ئەزموونگەریی تەنیا لە کایەی بیروڕاکاندا، واتە لە کایەی پیتەپێدانی هزری تیۆریدا، کورت کراوەتەوە. ئەم شتە لەبارەی *شتارك*یش ڕاستە، کە ناونیشانی لاوەکیی بەرهەمە گرنگەکەی لە بواری "سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" ناو ناوە "گوتارێك بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتنی قووڵتری مێژووی بیروڕاکان". بە دەربڕینێکی تر، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە ئاستی تیۆریدا بایەخ بە کێشە ئەپستمۆلۆژییەکان، و لە ئاستی ئەزموونگەریشدا بە کێشەکانی مێژووی فیکری دەدات.

داکۆکیی دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەك تەحەفوزمان سەبارەت بە ئیعتیبار و گرنگیی ئەم دوو کێشانە نییە. هەر چۆنێك بێت، جێی داخە کە ئەم کۆمەڵە تایبەتە تا ئەو ڕادەیە بەسەر سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا باڵادەست بێ. لە ئەنجامدا، دەبێ باسی ئەوە بکەین کە کۆی گرنگیی تیۆریی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە هێشتا شاراوەیە.

جێکردنەوەی ئەو کێشە ئەپستمۆلۆژییانەی کە پەیوەندیان بە ئیعتیباری مەعریفەی سۆسیۆلۆژیانەوە هەیە لەناو سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا تا ڕادەیەك وەك هەوڵدانە بۆ پاڵنان بە پاسێکەوە کە کەسێك

سواری بووە. بێگومان سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، وەکو گشت ئەو لقە زانستییە ئەزموونگەریانەی کە تێبینی لەسەر نسبییەت و دەستنیشانکردنی هزری مرۆیی کۆدەکەنەوە، بەرەو ئەو کێشە ئەپستمۆلۆژیانەی کە پەیوەندیان بە خودی سۆسیۆلۆژیایەوە هەیە و بەرەو هەر یەکەیەکی زانستیی دیکەی مەعریفە دەڕوات. لەو بوارەدا، وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ڕۆڵێکی وەکو مێژوو، دەروونناسی و بایۆلۆژیا دەگێڕێت. ئاماژەکردن تەنیا بۆ ئەم سێ لقە گرنگە زانستیە ئەزموونگەرییە کە گرفتیان بۆ ئەپستمۆلۆژیا دروستکردووە بەسە. پێکهاتەی مەنتقیی ئەم گرفتە لە هەموو حاڵەتەکاندا وەکو یەکە: چۆن دەتوانم، بۆ نموونە، لە شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیانەی خۆم دەربارەی "ڕێوڕەسمی ئەخلاقی" چینی ناوەڕاستی ئەمریکایی دڵنیا بم لە کاتێکدا ئەو چەمکانەی بۆ ئەم شیکردنەوەیە بەکاریان دێنم مەرجدارن بە فۆرمەکانی فیکر کە لەڕووی مێژووییەوە ڕێژەیین، و من و ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە لەلایەن جینەکانی من و دوژمنایەتیی زاتیی من لەگەڵ هاوڕەگەزەکانم دەستنیشان کراوە، و بەشێوەیەکی گشتی، منیش ئەندامی چینی ناوەڕاستی ئەمریکاییم؟

خۆ دزینەوە لە باسکردنی ئەم پرسیارانە لە ئێمە دوورە. ئەوەی لێرەدا پێی رازین ئەوەیە کە ئەم پرسیارانە بۆخۆیان بەشێکی بەشەزانستیی ئەزموونگەریی کۆمەڵناسی نین. لە ڕاستیدا ئەمانە بۆ میتۆدۆلۆژیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنەوە، لقێك کە پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، و بە گوێرەی پێناسە شتێکە جیا لە کۆمەڵناسی، بەڵکو خۆشی بابەتێکی لێپرسینی ئەوە. سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، هاوکات لەگەڵ گشت گرفتە ئەپستمۆلۆژییەکانی نێو زانستە ئەزموونگەرییەکان، ئەم گرفتانە دەکاتە خۆراکی ئەم لێپرسینە میتۆدۆلۆژیانە. ئەم لقە زانستییە ناتوانێت ئەم گرفتانە لە چوارچێوەی سەرچاوەی (الاطار المرجعي) راستەقینەی خۆیدا چارەسەریان بکات.

بۆیە ئێمە گرفتە ئەپستمۆلۆژی و میتۆدۆلۆژییەکان لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دوور دەخەینە، چونکە ئەم دوو گرفتە دامەزرێنەری سەرەکیی ئەم زانستەیان دووچاری تەنگوچەڵەمە کردۆتەوە. بە هۆی ئەم دوورخستنەوە و وەلانانەوە، پەیتا پەیتا لە تێگەیشتنی هەم شیلەر و هەم مانهایم بۆ ئەم لقە زانستییە، و هەروەها لە زانایانی دواتری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە (بەتایبەت ئەو زانایانەی ئاراستەیەکی نیو پۆزێتیڤیستیان هەیە) کە هەمان تێگەیشتنیان هەیە، دوور دەکەوینەوە. لە سەرانسەی ئەم کتێبەدا ئێمە هەموو پرسیارێکی ئەپستمۆلۆژی یان میتۆدۆلۆژیانە کە تایبەتن بە ئیعتیباری شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی، لەناو سۆسیۆلۆژیای مەعریفە خۆیدا یان هەر بوارێکی تر، خستوومانە ناو کەوانەی بچووکەوە. ئێمە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بە بەشێك لە لقەزانستیی ئەزموونگەریانەی کۆمەڵناسی دادەنێین. هەڵبەت مەبەستمان لێرەدا مەبەستێکی تیۆرییە. بەڵام تیۆروانی (theorizing)ی ئێمە پەیوەندی بە لقەزانستییەکی ئەزموونگەرییەوە هەیە لە ڕووی ئەو گرفتە کۆنکرێتیانەی کە هەیەتی، و نەك بە تۆژینەوەیەکی فەلسەفی لە بارەی بناغەکانی لقەزانستیی ئەزموونگەری. بە کورتی، کاری ئێمە

کارێکە پەیوەندی بە تیۆری سۆسیۆلۆژییەوە هەیە، نەك بە میتۆدلۆژیای سۆسیۆلۆژیاوە. تەنیا لە بەشێکی ئەم باسەماندا (ئەو بەشەی راستەوخۆ دوای ئەم پێشەکییە دێت) سنووری تیۆری کۆمەڵناسیمان بەزاندووە، بەڵام، وەك لە شوێنی خۆیدا ڕوونی دەکەینەوە، ئەم کارە لەبەر چەند هۆیەك ئەنجام دەدرێ کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ئەپستمۆلۆژیاوە نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە دەبێ سەرلەنوێ ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە لە ئاستی ئەزموونگەریدا، واتە وەك تیۆرێك کە تەبا دێتەوە لەگەڵ لقەزانستیی ئەزموونگەریانەی کۆمەڵناسیدا، پێناسە بکەینەوە. وەك تێبینیمان کردووە، ئەم ئاستەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پەیوەندی بە مێژووی فیکر، واتە مێژووی بیروڕاکانەوە هەبووە. جارێکی تر جەخت دەکەمەوە کە ئەمە، لە ڕاستیدا، خاڵێکی ناوەندیی زۆر گرنگی لێتۆژینەوەی سۆسیۆلۆژیایە. سەرەڕای ئەوە، لە بەرامبەر وەلانی کێشەی ئەپستمۆلۆژی/میتۆدۆلۆژیانە، ئەوە دەسەلمێنین کە ئەم خاڵە ناوەندییە پەیوەندی بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە هەیە. بەڵام پێمان وایە مەسەلەی "بیروڕا"، هەروەها کێشەی تایبەتی ئایدیۆلۆژیا، تەنیا بەشێکی کێشەیەکی گەورەتری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پێك دێنێ، نەك بەشی سەرەکیی.

***سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پێویستە بایەخ بە هەموو ئەو شتانە بدات کە لە ناو کۆمەڵگادا پێی دەگوترێت "مەعریفە".*** مرۆڤ، هەر کە ئەمەی گوت، تێدەگات جەختکردنەوە لەسەر مێژووی فیکر کارێکی نابەجێیە، یان بە واژەیەکی تر، لەو حاڵەتەدا نابەجێیە کە ببێتە چەقی سەرەکیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە. هزری تیۆری، "بیروڕاکان" و "جیهانبینییەکان" ئەو شتە گرنگە نین لە کۆمەڵگادا. ئەگەرچی هەموو کۆمەڵگایەك ئەو دیاردانە دەگرێتەخۆ. تەنیا گرووپێکی کەم لە هەر کۆمەڵگایەکدا بە تیۆروانییەوە، واتە بە "بیروڕا" و هێنانەدیی "جیهانبینی"یەوە خەریکن. بەڵام هەموو کەس لە کۆمەڵگادا بە ڕێیەك لە ڕێیەکان لە "مەعریفە"دا بەشدارن. بە دەربڕینێکی تر، تەنیا ژمارەیەکی کەم بایەخ بە لێکدانەوە و شرۆڤەی تیۆریانەی جیهان دەدەن، بەڵام هەر کەسێ لە جیهانێکی تایبەتدا دەژیت. جەختکردن لەسەر هزری تیۆری نەك تەنیا سنوورێکی زۆر بەرتەسك بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دیاردەکات، کارێکی ڕەزامەندانەش نییە، چونکە تەنانەت ئەو بەشەی "مەعریفە" کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەستەبەرە هەر کات نەکەوێتە چوارچێوەی شیکردنەوەیەکی گشتیتری "مەعریفە"، بە تەواوی ناتوانین لێی تێبگەین.

زیادەڕەویکردن لە گرنگیی هزری تیۆری لە کۆمەڵگا و مێژوودا یەکێکە لە کەموکوڕییە سروشتییەکانی تیۆروانان. کەواتە پێش هەموو شتێك پێویستە ئەم بەهەڵە حاڵیبوونەی ڕۆشنبیران ڕاست بکرێتەوە. دارشتنەوە تیۆرییەکانی واقیع، جا چ زانستی بن یان فەلسەفی یان تەنانەت ئەفسانەیی، هەموو ئەو شتەی "واقعی"یە بۆ ئەندامانی کۆمەڵگا ڕوون ناکەنەوە. لەبەر ئەوەی وایە، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە پێش هەموو کارێك پێویستە لە هەموو ئەو شتانە بکۆڵێتەوە کە خەڵك لە ژیانی ڕۆژانە و ناتیۆری یان پێش تیۆریی خۆیاندا وەك "واقیع" "دەیناسن".

بە وتەیەکی تر، زێتر "مەعریفە"ی باو دەبێ چەقی سەرەکیی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بێ نەك "بیروڕاکان". هەر ئەو "مەعریفە"یە بە تەواوی تان و پۆی ئەو مانایە پێکدێنێ کە بێ ئەوس هیچ کۆمەڵگایەك بوونی نابێ.

کەواتە، سۆسیۆلۆژیای مەعریفە دەبێ خۆی بایەخ بە دروستبوونی کۆمەڵایەتیی واقیع بدات. بێگومان شیکردنەوەی پاراویی تیۆریی ئەم واقیعە بەشێکی ئەم بایەخپێدانەیە، نەك گرنگترین بەشی. سەرەڕای وەلانانی گرفتی ئەپستمۆلۆژی/میتۆدۆلۆژیانە، ئەو خاڵەش روون دەبێتەوە کە ئەوەی ئێمە لێرە پێشنیاری دەکەین پێناسەیەکی گشتیی تازەیە بۆ بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، کە کەمێك فراوانترە لەوەی تا ئێستا بەم لقە زانستییە لەقەڵەم دراوە.

ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە چ پێکهاتەگەلێکی تیۆری دەبێ بخرێتە سەر سۆسیۆلۆژیای مەعریفە تا ئەو پێناسەیەی لە سەرەوە کرا ڕێگەپێدراو بێت. ئێمە لە تێگەیشتنی بنچینەیی خۆماندا لە بارەی پێویستیی ئەم پێناسەکردنەوەیە قەرزاری *ئەلفرید شوتزین* (Alfred Schutz). شوتز هەم وەك فەیلەسووفێك و هەم وەك کۆمەڵناس، لە سەرتاسەری بەرهەمەکانی خۆیدا بایەخ بە بونیادی دونیای باوی (common-sense) ژیانی رۆژانە دەدات. هەر چەند ئەو بۆخۆی درێژەی بە بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە نەداوە، بە ڕوون و ئاشکرایی دەری دەخات ئەم لقە زانستییە دەبێ جەخت لەسەر چی بکات:

گشت جۆرەکانی بیرکردنەوەی باو، خۆی، بە بەشێکی توخمە تەواوکارەکانی "دونیای ژین"ی کۆمەڵایەتی — کولتووری و مێژوویی دیاریکراو لەقەڵەم دەدرێن، دونیایەك کە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تیایدا وەك شتێکی بەڵگەنەویست و بڕیار لەسەر دراو لە لایەن کۆمەڵگا وایە. بونیادیان دەستنیشانکەری شتگەلێکە لەوانە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی مەعریفە و ڕێژەییبوونی و پەیوەندیی بە ژینگەی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوی تایبەت بە گرووپێکی دیاریکراو لە رەوشێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا. گرفتە ڕەواکانی ڕێژەبڕوایی (النسبية)، مێژووگەرێتی، و ئەوەی پێی دەگوترێ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لێرەدایە.[٢٢]

دیسانەوە:

مەعریفە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دابەش دەبێ و میکانیزمی ئەم دابەشبوونە دەشێ ببێتە ناوەڕۆکی لقێکی زانستیی کۆمەڵناسی. لە ڕاستیدا، زانستێکمان هەیە پێی دەڵێن سۆسیۆلۆژیای مەعریفە. بەڵام، بە چەند هەڵاوێردنێکی کەمەوە، ئەو لقە زانستییەی بە هەڵە ئەم ناوەی لێ نراوە تەنیا لە گۆشەی بنچینەی ئایدیۆلۆژیی حەقیقەتەوە لە گرفتی دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی مەعریفەوە نزیك بۆتەوە کە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، و بەتایبەت ئابووری، یان لە لایەنی چەمکە کۆمەڵایەتییەکانی پەروەردە و فێرکردن، یاخود لە لایەنی رۆڵی کۆمەڵایەتیی مرۆڤی عارفەوە پشتی پێ دەبەستێن. لە بارەی هەندێ لایەنە تیۆرییەکانی دیکەی ئەم گرفتە نەك کۆمەڵناسان بەڵکو ئابووریناسان و فەیلەسووفان دەستیان داوەتە لێکۆڵینەوە.[٢٣]

بەڵام ئێمە شوێنێکی سەرەکیی نادەین بە دابەشبوونی کۆمەڵایەتیی مەعریفە کە شوتز لێرەدا

ئاماژەی بۆ دەکات، لەگەڵ ڕەخنەکەی ئەودا کۆکین کە دەڵێ "لقێکی زانستی کە بە هەڵە ئەم ناوەی لێ نراوە" و بۆچوونی سەرەکیی خۆمان لەبارەی شێوازی پێناسەکردنەوەی ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، لە تیۆرەکەی ئەو هەڵێنجاوە. لە تێرامانەکانی دواتردا، لە بواری سەرەتاکانی تایبەت بە سەرچاوەکانی مەعریفە لە ژیانی ڕۆژانەدا، زۆر پابەندی تیۆرەکەی *شوتزین* و لە چەندین جێی جیاوازی باسەکەمان لێرە بەولاوە، خۆمان زۆر بە قەرزاری ئەو دەزانین.

پێشگریمانە مرۆڤناسییەکانمان زۆر لەژێر کاریگەریی مارکس، بەتایبەت نووسینەکانی بەرایی ئەودان، هەروەها کەوتوینەتە ژێر کاریگەریی ئەو چەمکە ئەنترۆپۆلۆژیانەی کە هێلمۆت پلیسنەر، ئارنۆڵد گالن، و ئەوانی تر لە بایۆلۆژیای مرۆییەوە وەریان گرتووە. بۆچوونمان لەبارەی سروشتی واقیعی کۆمەڵایەتی قەرزاری دورکهایم و قوتابخانەکەی ئەوە لە کۆمەڵناسی فەڕەنساییدا. ئەگەرچی ئێمە تیۆری دورکهایمان لە بارەی کۆمەڵگا گۆڕیوە ئەویش لە ڕێی هێنانی تێڕوانینێکی دیالێکتیکی کە لە مارکسەوە وەرگیراوە و داکۆکیکردن لەسەر بونیادی واقیعی کۆمەڵایەتی لە ڕێی واتا زەینییەکانەوە کە لە ڤیبەر وەرگیراوە.[٢٤] پێشگریمانە کۆمەڵایەتی — دەروونناسییەکانمان، کە بۆ شیکردنەوەی بەخودیکردنی (Internalization) واقیعی کۆمەڵایەتی، بایەخێکی تایبەتیان هەیە، کاریگەریی جۆرج هێربرت مید و ئەو گۆڕانکارییانەی زۆر بەسەرەوەیە کە لە ڕێی قوتابخانەی *ڕەمزیی — کارلێکگەرێتی* ی سۆسیۆلۆژیای ئەمریکاییەوە لە بەرهەمەکانی ئەودا هاتوونەتە کایەوە.[٢٥] لە پەراوێزەکاندا ئاماژە بەوە دەکەین کە چۆن ئەم پێکهاتە جیاجیایانە لە شێوگەی تیۆری ئێمەدا بەکار دەهێنرێن. هەڵبەت تەواو دان بەوەدا دەنێین کە ئێمە لەم بەکارهێنانەدا خۆمان بە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم ڕێچکە جیاجیایانەی تیۆری کۆمەڵایەتی نەبەستۆتەوە و پابەند نەکردووە. بەڵام، وەك پێشتر باسمان کرد، مەبەستمان لێرەدا نە تەفسیرکردنە و نە تەنانەت پێکهێنانە لەپێناوی پێکهێناندا. ئێمە تەواو ئاگادارین کە، لە چەندین حاڵەتی جۆراوجۆر، بەهۆی جێکردنەوەی فکری هەندێ لە بیرمەندان لەو شێوگە تیۆرییەدا کە لەوانەیە بەلای زۆربەیانەوە نامۆ بێت، پێشێلکاریمان دەرهەق بەوان کردووە. بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم شتە پێویستە بڵێین وەفاداریی مێژووی خۆی لە خۆیدا بەهایەکی زانستی نییە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بۆچوونی پارسۆنز (کە گومانی جیدیمان هەیە لەسەر تیۆرەکەی، بەڵام تەواو لە مەبەستە یەکخراوەکەیدا بەشدارین) بکەین:

ئامانجی سەرەکیی تۆژینەوە ئەوە نییە کە دیاربکەین و بەکورتی بیخەینەڕوو ئەو بیرمەند و نووسەرانە چیان گوتووە لەمەڕ ئەو بابەتانەی نووسیویانە یان چ بڕوایەکیان هەیە. تەنانەت ئامانج ئەوەش نییە کە ڕاستەوخۆ چاوبخشێنین بە هەر دەستەواژەیەکی "تیۆرەکان"یان کە ئایا ئەوەی گوتوویانە لە ڕووی مەعریفەی ئێستای کۆمەڵناسی و ئەو زانستانەی پەیوەندیان پێوەی هەیە مەنتقییە یا نە... ئامانج لێکۆڵینەوەیە لە "تیۆر"ی کۆمەڵایەتی، نەك لە "تیۆرەکان"ی کۆمەڵایەتی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخی بەو دەستەواژە دابڕاو و پەڕاگەندانەی کە لەناو بەرهەمەکانی ئەو بیرمەندانەدا بەدی دەکرێن نادات، بەڵکو بایەخی بە جەستەیەکی "تاکانە"ی بیرکردنەوەی تیۆریی ڕێکوپێك دەدات.[٢٦]

لە ڕاستیدا، مەبەستیمان سەرقاڵبوونە بە "بیرکردنەوەی تیۆریی ڕێکوپێك".

هەر زوو دەردەکەوێ کە پێناسەکردنەوەمان بۆ سروشت و بواری سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم لقە زانستییە لە پەراوێزەوە بگوازێتەوە بۆ ناوەندی سەرەکیی تیۆری کۆمەڵناسی. دەتوانین خوێنەران دڵنیا بکەین کە ئێمە هیچ خولیایەکی تایبەتمان بۆ ناونیشانی "سۆسیۆلۆژیای مەعریفە" نییە. تێگەیشتنمان بۆ تیۆری کۆمەڵناسی، ڕێنوێنی کردین بۆ سۆسیۆلۆژیای مەعریفە بەشێوەیەك کە بتوانین گرفت و ئەرکەکانمان سەرلەنوێ پێناسە بکەینەوە. ئێمە دەتوانین بە باشترین شێوە وەسفی ئەو ڕێگایە بکەین کە تیایدا لە ڕێی ئاماژەکردن بە دوو لە ناودارترین و بەکاریگەرترین "فەرمانەکانی ڕێڕۆیشتن" بچینە ناو سنووری کۆمەڵناسیەوە.

فەرمانی یەکەمیان دورکهایم لە کتێبی *"ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسی"* دا خستوویەتییە ڕوو، و فەرمانی دووەمیان ماکس ڤێبەر لە *"ئابووری و کۆمەڵگا"* دا. دورکهایم پێمان دەڵێ: "یەکەمین و بنەڕەتیترین ڕێسا ئەوەیە کە: **ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو شت لەبەرچاو بگرین.**" [٢٧] بەڵام ڤیبەر دەڵێ: "هەم بەلای سۆسیۆلۆژیاوە بە مانای ئێستاکەی، و هەم بەلای مێژووش، بابەتی مەعریفە بریتییە لە کۆمەڵە مانایەکی زاتیی کردەکان".[٢٨] ئەم دوو وتانە دژایەتیان لەنێواندا نییە. کۆمەڵگا لەڕاستیدا حەقیقەت یان بوونێکی بابەتیانەی هەیە. کۆمەڵگاش لە ڕاستیدا بە هۆی کاریگەریی چالاکییەك کە دەربڕی مانا خودییەکانە، دامەزراوە. بە ڕێکەوت، دورکهایم ئاگاداری ئەم بیرۆکەی دوایی بوو، وەك چۆن ڤێبەریش هی پێشتری دەزانی. دروست هەر بەم شێوەیە سرشتی دوانەی (دوالیزمانە) کۆمەڵگا لە ڕووی بوونی بابەتیانەی و مانای خودیانەیە وادەکات «واقیع»ەکەی «بێوێنە» بێت («بێوێنە» چەمکێکی دیکەی دورکهایمە). لەو ڕووەوە دەتوانین پرسیاری سەرەکی بۆ تیۆری کۆمەڵناسی بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو: چۆن دەشێ واتا خودییەکان وەك بوونایەتییەکی بابەتیانەیان «لێبێت»؟ یاخود، بە سوودوەرگرتن لە زاراوەگەلێکی گونجاو بۆ هەلومەرجی تیۆریی پێشوو: چۆن دەشێ چالاکیی مرۆیی جیهانێکی شتەکان بێنێتە کایەوە؟ بە دەستەواژەیەکی تر، ئەوەی بۆ تێگەیشتنێکی بەسەروبەری «واقیعی بێوێنە»ی کۆمەڵگا پێویستە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی شێوازی دروستبوونی ئەم واقیعە ئەنجام بدرێ. بەڕای ئێمە، ئەرکی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەنجام بدات.

---

**[١] لیستی سەرچاوەکان لە نووسینگەی گۆڤاری تویژینەوە هەیە.**